رەفعەت شێروانی- موستەشارو دۆستی سەددام:

وەڵڵا بە بەختم ئێمە جاش بووین، بەڵام پەشیمانیش نیم چونکە وا نەبووایە عەشیرەتەکەمان لە ناو دەچوو

هەڤپەیڤین: سەرنووسەر

*** یەکەمین پلەو پایە کە لەسەردەمی رژێمی پێشودا وەرتگرت چیبوو؟**

– لەساڵی ١٩٧٠ تاوەکو ١٩٧٧ بوومە سەرۆکی (الاتحاد العام للجمعیات الفلاحییە) لەهەولێر، لەساڵی ١٩٩٧ منیان تەرشیح کرد بۆ جێگری سەرۆکی ئەو یەکێتیی‌یە. لەهەمانکاتدا لەدەورەی یەکەم و دووەمی مەجلیس تەشریعی دا ئەندامبووم. بەڵام کە دوایی بووم بەجێگری سەرۆکی (الاتحاد العام للجمعیات الفلاحیة)و بوومە بەرپرسی مەکتەبی رێکخراوە شەعبیەکان لەبەغدا وازم لەمەجلیس تەشریعی هێنا، لەبەر ئەوەی زۆر سەرقاڵ بووم تاقەتم نەما وازم هێناو کە دەورەی دووەم تەواوبوو خۆم تەرشیح نەکرد بۆ دەورەی سێیەم.

*** بەدرێژایی تەمەنی ٨٣ ساڵیی عێراق، دیموکراسیەت نەبووە. سەردەمی مەلەکی کە بەگەشترین قۆناغی دیموکراسی دادەنرێ، سەعید قەزاز کە وەزیرێکی سەردەمی مەلەکی بوو دەڵێ هەر کەسێك لەلایەن حکومەتەوە پەسەند بووایە لەهەڵبژاردندا ئەو دەردەچوو ئەویتریش هیچ. کەواتە بەعس تۆی لەهەڵبژاردنەکاندا دەرچواندووەو داناوە؟**

– بێگومان لەزەمانی بەعسدا هەر کەس بەعس بیویستایە ئەو دەردەچوو، نەیاندەگوت ئێمە دەرمانچواندووە، بەڵام چونکە حیزبی بەعس ئینتیشاری کردبوو خەڵکەکەش وا لەسەددامی دەترسا هەموو ئیتاعەی دەکرد، دەزگای حیزبی کە خەڵکەکەی تەبلیغ دەکردو دەیگوت مورەشەح هەیەو مورەشەحی ئێمەیە خەڵکەکە بەتەبیعەتی حال لەبەر ئەوان دەنگی دەدایێ.

*** تۆش مورەشەحی ئەوان بووی؟**

– منیش مورەشەحی ئەوان بووم.

*** تۆ ئەندامی حیزبی بەعس بووی؟**

– من لەساڵی ١٩٨٢ وەکو ئینتیما ئینتیمام کرد، بەڵام مواکەبەو تەدەروجم نەکرد، شتێکی شکلی بوو، یەعنی هەر پلەی (رەفیق)یم هەبوو. ئەوان زۆر حەزیاندەکرد ببمە ئەندامی شوعبەو فەرع و ئەوانە، بەڵام تاقەتم نەبوو و بەو شێوەیە خۆم هێشتەوە.

*** بەزۆری بوویە ئەندام یان بە ویستی خۆت؟**

– نەیاندەهێشت لەوەزیفەدا بمێنییەوە ئەگەر ئینتیمات نەبوایە، منیش هەر بۆ ئەوە ئینتیمام کرد بۆ ئەوەی بمێنمەوە لەگەڵیان و زیاتریش نەدەچوومە پێشترو خۆم لەوێ قایمکرد بوو.

*** پێش ئەندامێتی بەعس ئەندامی هیچ حیزبێکی کوردی بوویتی؟**

– پێشتر لەگەڵ پارتی بووم و، کاتی خۆی لەمەخموور کە دەمانخوێند یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانمان لەمەخموور دامەزراند.

*** موچەی مانگانەتان لەمەجلیس تەشریعی چەندبوو؟**

– وابزانم ٣٥٠٠ دیناربوو، ساڵانەش دیاریان دەدایێ، سەیارەیان دەدایێو ئەرزیان دەدایێ، لەکارگەی مافور مافورێکیان دەدایێ، چەند مافوریشت ویستبا بەقیست دەتبرد.

*** ئەوکاتی تۆ ئەندامی مەجلیس تەشریعی بووی، حیزبی شیوعیش نوێنەری هەبوو تیایدا، کەس دەیتوانی بەکەیفی کورد دا نایکات، دواتر کە لەلایەن عەلی حەسەن مەجیدەوە گیرا من زۆر هەوڵمدا بەریبدەم. زۆر رجام لەعەلی حەسەن مەجید کرد کە شاکر فەتاح بەربدات، ئاخیری ئیقناعم کردو گوتی بەیەك شەرت بەریدەدەم، بڕۆ لای شاکرو پێیبڵێ ئەو (ثوار الاکراد)ە بکاتە (مخربین)، بەریدەدەم. چووم (محەممەد سدیق مەحموود)ی ئەمین عامی زراعەم لەگەڵ خۆم بردو چووینە لای شاکر فەتاح لە سجنی مودیرییەی ئەمنی هەولێرو پێمگوت کاکە با رزگارت بکەینو ئەو وشەیە بگۆڕین، بەڵام شاکر فەتاح ئەوەی رەتکردەوەو گوتی ئەمن (ثوار الاکراد) ناکەمە موخەربین و کەر لەقوزی دایکی عەلی حەسەن مەجیدی ببا..

*** هەر دروست ئەوهای گوت؟**

– بەڵێ، لەبەر ئەوە ئێستا پێمخۆشە پەیکەرێکی بۆ لەو پەرلەمانەی خۆمان دروستبکەن، چونکە قەت کوردی وا پیاوانەم نەدیتییە. بەدرێژایی ئەو کاتەی کە پێکەوە بووین، ئەو نائیبی رەئیس مەجلیس تەشریعی بوو و ئێمەش ئەندام بووین، هەڵوێستی کوردانە بوون و کوردێکی بەشەرەف بوو.

***دەڵێن لەسەرەتای هەشتاکاندا بۆ ماوەی دوو ساڵ بەرێوەبەری موخابەراتی هەولێر بووی وایە؟**

–من قەت لێرە مودیرموخابەرات نەبوویمە، بەڵام عیلاقەم لەگەڵیان زۆر زۆر خۆش بوو، هەموو رێزی منیان دەگرت.

*** لەبەرچیو بەهۆی چییەوە رێزیان دەگرتی؟**

– وەکو کوردێکی موستەقیم و راست، راست دەڕۆیشتم، چ غەل و غەشم نەبوو، خیانەتم نەبوو، بەراستگۆیی‌و بەموستەقیمییەکەم منیان خۆشدەویست، بەڵام ئینتیمای موخابەراتم نەبوو، لەهەموو دائیرەکانی عێراق زۆر رێزی منیان دەگرت، هەتا سەددام حسێن بەخۆی لەهەڵبژاردنێکی جەمعیەی فەلاحی کە خۆم هەڵنەبژاردو چوومەوە ماڵێ، سەیارەیەکی خۆی نارد دووم منی تەرشیح کرد.

*** ئەوە لەساڵی چەندبوو؟**

– ئەوە لەساڵی ١٩٨٢ بوو، گۆتبووی دەبێ بێتەوەو خۆی تەرشیح بکات چونکە قەت عونسری وا پاکمان دەستناکەوێ، بەخۆی پێیگۆتم ئەوە من لەجیاتی خۆت تۆم تەرشیح کردووە، منیش پێمگوت مادام تۆ تەرشیحت کردیمە تەواو دەیکەم، ئەوەبوو دەورەیەکی دیکەش مامەوە، واتە تاساڵی ١٩٨٤.

*** ئەی چۆن بوویە موستەشاری فەوج؟**

– لەساڵی ١٩٨٥ بوومە موستەشارو تاراپەپین هەر هەوبووم. نیازی موستەشاریم قەت لەخەیاڵ دا نەدەسوڕا، بەڵام خزمەکانم هاتنە لام و بەناوی حیزبە کوردییەکانیش پێیانگوتم.

*** کێ پێیگوتی‌و داوای لێکردی؟**

– یەك لەوانە عەلی دارتاش بوو کە کادیرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو و ئێستاش ماوە، هەروەها خزمەکانی دیکەشم کە هەموویان سەر بەپارتین، ئەو داوایەیان لێکردم و گوتیان پرسمان بەحیزبیش کردووە، رەئی هەیە کە فەوج وەربگری لۆ ئێمە، بۆ ئەوەی خۆمان پێ حیمایە بکەین ئەگەرنا دەبێ بچین لەکن خەڵکی ببێ بەجاش، لەبەر ئەوە یان دەبێ منداڵەکانمان بچن لەجنوب عەسکەری بکەن و بکوژرێن یان دەبێ فەوجێکمان بۆ بکەیەوە، عەلی دارتاش گۆتی بۆ هەموو شتێکیش من مەسئولییەتی هەڵدەگرم بەس لەعەسکەری‌و قادسییە رزگارمان بکە.

*** ژمارەی فەوجەکەت چەندبوو؟**

– ژمارەکەی (٥٦) بوو، یەکێکبوو لەفەوجە ئەوائیلەکان، بەڵام فەوجەکەم لەهەر شوێنێك کاری کردبێ، خەڵك لەئێمە مەمنون بووە، فەوجەکەشم لەسەر رێی کۆیە قایمکردبوو، لەهەولێرەوە تا کۆیە رەبایەو مەبایەکانی عایدی ئێمە بوو.

*** یارمەتی پێشمەرگەت داوە؟**

– یارمەتی وەکو ئەوەی شتییان بۆ بنێرم، نەخێر وامنەکردووە، بەڵام یارمەتی کوردم داوە، کەسم نەگرتووەو ئەزیەت نەداوە.

*** هیچ جار فەوجەکەت شەری بووە لەگەڵ پێشمەرگە؟.. بەشداری ئەنفالتان کرد؟**

– نا نا ئەسڵەن بەشداریمان نەکردووە، وەکو جەبهەش قەت وامنەکردووە بچینە سەریان‌و تووشی شەڕ بین.

*** زۆر لەوانەی موستەشارو رەفیق حیزبی بوونە، ئێستا هەموویان دەڵێن ئێمە خەباتی نەهێنیمان کردووە، تۆش ئەو خەباتەت هەبووە؟**

– وەڵڵاهی کاکە نەمکردییە، ناوەڵڵا. وەك کوردایەتی کوردم خۆشویستییە، سەتان کوردم لەئیعدامێ بەردایە لەوێ، یارمەتیم دایە، ئەما ئەمن خەبات‌و تەنزیم‌و خەباتی نهێنی‌و ئەوەم نەبووە.

*** ئەی هەستناکەی بەعسیبوون، چەك هەڵگرتن بۆ رژێم دژی کورد بوون بووە؟**

– بەرێ وەڵڵا.

*** ئەی بۆ کردت؟**

– خۆی هەر ئینسانەك تووشی زرووفەکی دەبیت‌و زرووفی خۆی دەبیت. بەرێوەڵڵا چاکم دەزانی‌و پێشم ناخۆش بوو، بەڵام زرووفم ئەوکاتی ئەوهابوو، ئەدی مام جەلال کە چووە حکومەتێ نەیدەزانی ئەوە مەسەلەن خیانەتە، ئەویش زرووفێکی تایبەتی بوو.

*** وشەی موخەریب لەسەر زاری هەموو ئەو کەسانە بوو کە لەگەڵ حکومەت دابوون، کە دەتگوت موخەریب هەستت بەهیچ دەکرد؟**

– ئەرێ وەڵڵا هەستم بەئازارێکی زۆر دەکرد.

*** خۆت دەزانی لەناو کوردا هەموو کەس دەیگوت (جاش) و کەس نەدەیگوت (فرسان)، کە ئەو وشەی جاشەت گوێ لێدەبوو هەستت بەچی دەکرد؟**

– وەڵڵاهی بەبەختم جاش بووین ئەدی جاش چییە. ئینسان کە خزمەتی یەکێکی کردو پێی بێگانە بوو ئەوە جاشایەتییە بتەوێ‌و نەتەوێ.

*** پەشیمانی؟**

– ناوەڵڵا پەشیمان نییمە، لەبەرئەوەی خزمەکانمان‌و عەشیرەتەکەمان هەموو تێدەچوون، ئەمن ئەوە جار دانیشتینە دەوڵەت بەرێوەدەبەن، گۆتم لۆ رەعیانی ئەنگۆ دەتوانن‌و هی مە ناتوانن. وەڵڵاهی سەددام مەوقیفەکی نیشاندا، هەنۆکەش لەسەددامی مەمنونم. هەستاوە گۆتی: بەشەڕەفم ئەتو کوڕی بابی خۆتی‌و پیاوی‌و شەریفی. گۆتی: ئەو قسەیەت نەکردبایەو موجامەلەت بکردبایە لێت عادز دەبووم. گۆتی: وەڵڵا بەسەری تۆ من نیو نەعلم هەبوو. منیش گوتم ئاخر ئەو پیاوە بەبێ موناسەبە ئەو پرسیارە قورسەی لە من دەکات‌و غەدرم لێدەکات.

*** ئەوتولشوجاعەت وەرگرتووە؟**

– ناوەڵڵا.. ئەگەر بمویستبا پەنجا ئەوتولشوجاعەم وەردەگرت، بەڵام چاوو تەماعیم لێ نەبوو، چونکە بەڕاستی دەبووایە لەگەڵ زابتەکان رێکبکەوی، فعلەن وەکو عومەراغای سورچی ئیشارەتی پێدابوو، بزەبت وابوو.

*** موچەی موستەشاریت ئەوکات چەند بوو؟**

– پێنج هەزار دیناربوو.

*** پەیوەندییەکی زۆر بەهێزت لەگەڵ سەددام هەبوو. تەنانەت دەڵێن هەندێك جار تەدەخولت لەکێشە خێزانییەکانی بنەماڵەی سەددام دا کردووە، چۆن ئەو پەیوەندییەت لەگەڵ دا دروستکرد؟**

– لەساڵی ١٩٧٠ کە سەددام لەحاجی ئۆمەران هاتە لای بارزانی، برایەکی کە ناوی دەهام بوو لەوێ تەعاروفم لەگەڵ کرد، پاشان کە لەساڵی ١٩٧٤ چووینەوە ناو حکومەت ئەو پیاوە منی دەناسی‌و زۆر هاوکاری بابی منی کردبوو، تەعاروفی پێکردم لەگەڵ براکانی خۆی. چوونی منیش بۆ لای سەددام بەهۆی بردنی پاس و پیکابی ئێمەوە بوو. کە عەرەب هاتن بۆ ناوچەی کەندێناوەو لەگوندەکانی ئێمە نیشتەجێبوون، شێخ عەواس سدێد ئاش و پیکابی ئێمەی بردبوو، منیش تەکلیفم لەدەهام کردو منی بردە لای سەددام، کە ئەوکات نائیبی رەئیس جمهوری بوو، گوتی ئەوە دۆستی منەو کە عەرەب چوونەتە ئەوێ شێخ عەواس سدێد ئاش‌و پیکابی ئەوانی بردووەو ئێستا وا لەسامەرایە. سەددام حسێن بەبراکەی گوت بڕۆ وەکیلی من بەو لەگەڵ قایمقامی سامەرا دابنیشن ئەگەر شێخ عەواس سدید ئاش‌و پیکابەکەی مابوو لێیوەربگرنەوەو ئەگەر فرۆشتبێتیشی تەعویزی بدەنێ، کە چووین دیتمان ئاشەکەی فرۆشتییە، چوینە لای کابرای کریار پێیگوت پارەی ئەو ئاشە دەدەیەوە ئەو پیاوە لەگەڵ شێخ عواس سدێدیش کەیفی خۆتە، بەو شێوەیە پەیوەندیم لەگەڵ سەددام دا دروستبوو.

*** دوای ئەوە دەچوویە لای سەددام؟**

– ئا.. ئا لەرێگەی براکەیەوە، منیشی شتەکی دیکەیە، قەت بەکەسیان نەگۆتییە وەرە جوون بەسەرکردەیەکی بدە، ئەگەر واشیان بگۆتبایە جوونم نەدەدا. با نموونەکت لۆبگێڕمەوە. جارێك لەساڵی ١٩٧٩ لەتکریت لەپرسەیەکی بنەماڵەی سەددام دا بووم، کە سەددام‌و ئەندامانی قیادە هەموویان دانیشتبوون، ئیبراهیم حەسەنی زریابی سەددام بە منی گۆت: ئەبوکەرخی پێمان ناڵێی مەلا مستەفا چی دەوێ؟ منیش پێمگۆت ئەو پرسیارەی لۆ لە من دەکەی من چوزانم چی دەوێ، ئەوە کورت رەئیس جمهوریەیە‌و بەخۆتان حکومەتن‌و ئەوە هەموو قیادە دانیشتییە لەوان بپرسە ئەوان دەزانن. گۆتی ئەبوکەرخی گۆتم.. ها، گۆتی: (رەعیان) شوان دەتوانن دەوڵەت بەرێوەببەن ئەگەر بوونە دەوڵەت؟ لێرانە ئەزیەتیدام منیش گۆتم بەڵێ، گۆتی: چۆن. گۆتم ئەوە نییە ئەوانەی لەکن تو دانیشتینە دەوڵەت بەرێوەدەبەن، گۆتم لۆ رەعیانی ئەنگۆ دەتوانن‌و هی مە ناتوانن. وەڵڵاهی سەددام مەوقیفەکی نیشاندا، هەنۆکەش لەسەددام مەمنونم. هەستاوە گۆتی: بەشەڕەفم ئەتو کوڕی بابی خۆتی‌و پیاوی‌و شەریفی. گۆتی: ئەو قسەیەت نەکردبایەو موجامەلەت بکردبایە لێت عادز دەبووم. گۆتی: وەڵڵا بەسەری تۆ من نیو نەعلم هەبوو. منیش گوتم ئاخر ئەو پیاوە بەبێ موناسەبە ئەو پرسیارە قورسەی لە من دەکات‌و غەدرم لێدەکات.

*** ئەوتولشوجاعەت وەرگرتووە؟**

– ناوەڵڵا. ئەگەر بمویستبا پەنجا ئەوتولشوجاعەم وەردەگرت، بەڵام چاوو تەماعیم لێ نەبوو، چونکە بەڕاستی دەبووایە لەگەڵ زابتەکان رێکبکەوی، فعلەن وەکو عومەراغای سورچی ئیشارەتی پێدابوو، بزەبت وابوو.

*** موچەی موستەشاریت ئەوکات چەند بوو؟**

– پێنج هەزار دیناربوو.

*** پەیوەندییەکی زۆر بەهێزت لەگەڵ سەددام هەبوو. تەنانەت دەڵێن هەندێك جار تەدەخولت لەکێشە خێزانییەکانی بنەماڵەی سەددام دا کردووە، چۆن ئەو پەیوەندییەت لەگەڵ دا دروستکرد؟**

– لەساڵی ١٩٧٠ کە سەددام لەحاجی ئۆمەران هاتە لای بارزانی، برایەکی کە ناوی دەهام بوو لەوێ تەعاروفم لەگەڵ کرد، پاشان کە لەساڵی ١٩٧٤ چووینەوە ناو حکومەت ئەو پیاوە منی دەناسی‌و زۆر هاوکاری بابی منی کردبوو، تەعاروفی پێکردم لەگەڵ براکانی خۆی. چوونی منیش بۆ لای سەددام بەهۆی بردنی پاس و پیکابی ئێمەوە بوو. کە عەرەب هاتن بۆ ناوچەی کەندێناوەو لەگوندەکانی ئێمە نیشتەجێبوون، شێخ عەواس سدێد ئاش و پیکابی ئێمەی بردبوو، منیش تەکلیفم لەدەهام کردو منی بردە لای سەددام، کە ئەوکات نائیبی رەئیس جمهوری بوو، گوتی ئەوە دۆستی منەو کە عەرەب چوونەتە ئەوێ شێخ عەواس سدێد ئاش‌و پیکابی ئەوانی بردووەو ئێستا وا لەسامەرایە. سەددام حسێن بەبراکەی گوت بڕۆ وەکیلی من بەو لەگەڵ قایمقامی سامەرا دابنیشن ئەگەر شێخ عەواس سدید ئاش‌و پیکابەکەی مابوو لێیوەربگرنەوەو ئەگەر فرۆشتبێتیشی تەعویزی بدەنێ، کە چووین دیتمان ئاشەکەی فرۆشتییە، چوینە لای کابرای کریار پێیگوت پارەی ئەو ئاشە دەدەیەوە ئەو پیاوە لەگەڵ شێخ عواس سدێدیش کەیفی خۆتە، بەو شێوەیە پەیوەندیم لەگەڵ سەددام دا دروستبوو.

*** دوای ئەوە دەچوویە لای سەددام؟**

– ئا.. ئا لەرێگەی براکەیەوە، منیشی باش ناسی‌و زۆر لەگەڵم دادەنیشت و موناقەشەی لەبارەی مەسەلەی کوردەوە لەگەڵ دەکردم‌و وەڵامەکانی منی زۆر زۆر پێخۆشبوون، چونکە بەبێ هێنان‌وبردن‌و بەڕاستی جوابم دەداوە. دەیگوت زۆرم پێخۆشە کورد بێت دابنیشێ‌و لەعەرەب زیاتر رێزی بگیرێ، عێراق یەك عێراق بێت، منیش پێمدەگوت عەرەب قەت ئەو برایەتییە وا بەئاسانی هەزم ناکات کە تۆ دەیڵێی، لەبەر ئەوە کورد ئیلا دەبێ حەقی خۆی لۆ دیاریبکرێ لەسەر قانوون‌و دەستوور، ئەگەر ئەوە نەبێ ئەو سیقەیە قەت دروستنابێ.

*** هەستت دەکرد کە ئەو کابرایە لەدڵەوە دەیەوێ کێشەی کورد چارەسەر بکات؟**

– بەڵێ زۆر لەدڵەوە دەیویست کێشەی کورد حەلبکات، بەڵام زەختی لەسەر بوو و نەیدەتوانی..

*** زەختی کێی لەسەر بوو؟**

– زەختی عەرەب، چونکە رێککەوتنێکیان لەنێوان دابوو کە هەر کەس موساوەمە لەسەر خاك‌و ئاوهەوایی عەرەب بکات خائینە.

*** باشە کە سەددام بەرای تۆ وابیری کردبێتەوە، ئەی بۆچی رووبکردە کیمیاباران‌و ئەنفالکردن‌و قڕکردنی کورد؟**

– من لە سەددام خۆیم گوێ لێبوو گوتی ئەگەر کورد لەگەڵ ئێران تەعاونی نەکردبا قەت ئەوەمان لەکورد نەدەکرد. عەلئەساس تەعاونی هەیە لەگەڵ ئێران‌و بریارێکیان دەرهێناو گوتیان کوردیش لەزمنی سوپای ئێرانییە.

*** لە کوێو لە چ دانیشتنێکدا ئەوەی باسکردو، ئایا باسی ئەنفالیشی نەکرد؟**

– ئەو قسانەی لەدانیشتنێکی گشتیدا کرد لەتکریت، کە پرسەی خوشکی سەددام بوو، ناوەکەیم لەبیر نییە، بەڵام خێزانی غالب مەحموود بوو و ساڵی ١٩٨٨ بوو و، منیش چووبوومە فاتیحاکە. باسی ئەنفالیشی کرد، ئەنفال بە بریارێکی رەسمی بوو. دەیگوت پێشمەرگە تەعاونی کردووە لەگەڵ سوپای ئێرانی‌و ئەوە حەقیەتی کە لەگەڵی بکەین.

*** پێتنەگوت ئەوانەی ئەنفالکران ژن‌و منداڵ‌و پیرو کەسانی مەدەنی بوون ئەك پێشمەرگە؟**

– ئەك هەر من، خەڵکی دیکەش پیێگۆتییە، بەڵام ئەو دەیگوت لەحاڵەتی شەڕدا ناتوانی خەڵك لێك جیابکەیەوەو، ژن‌و منداڵ بپارێزی. تەبریریان دەهێنا. هەر رووبەڕووی خەڵکی لەمەجلیسی فاتیحەکە ئەو قسانەی دەکرد.

*** دەڵێن نزیکایەتیت لەسەددامەوە بەشێوەیەك بووە کە هەندێ جار کێشەی نێوان سەددام‌و برایەکانی خۆیت چارەسەر کردووە؟**

– بەڵێ دۆستایەتییەکەم بەهێز بوو، زۆر جاران خیلافی عائیلیان دەبوو، تێکەلیان دەبووم لەبەینیان، مانعیان نەبوو. بۆ نمونە هەیسەمی کوڕی کەحەمد حەسەن بەکر خێزانی خۆی تەڵاق دا، کە خێزانەکەی کچی خەیروڵڵا تولفاح‌و خوشکی ساجیدەی بوو، ناوی ئەحلام بوو. وەتبان دەیویست بیهێنی، بەڵام سەددام موعارز بوو، رەئیس گوتبووی نابی بیهینی، لەبەر ئەوە عادز ببوون. وەتبان شەو لەماڵێ هاتە کنم گۆتی دەبێ بچیە کن رەئیسی ئیقناعی بکەی، چونکە پێشی کە مێرد بە هەیسەم بکات من ئەو کچەم خۆشدەویست، ئێستاش هەیسەم تەڵاقی داوەو ئەو خۆشەویستییەم هەر لە کن ماوەو دەمەوێ بیهینم، دوایێ من چووم پێمگوت بارزانی براشی هەر ناڕازیبوو و منیش رجام لێکرد، هەردووك قبولیان کردو ژنەکەیان لە بۆ هینا.

*** رووداوی دیکەشیان هەبووە تێکەڵاو بووبێ؟**

– ئەوە نموونەك بوو..

*** باشە هەر وەك خۆت دەڵێی، هەر راشکاوییەکەت تۆی لە سەددام نزیکردبووەوە؟**

– ئەرێ وەڵڵا ئەدی چبوو، چ ئیشی بە من نەبوو، قابیلە چ ئیشی بە من بوو. بەڵام زۆر بەڕاستی‌و موستەقیمی ئیشمدەکرد، زۆر بەشەخسیەتەوە لەوێ ئیشم دەکرد. زیاتریش بەهۆی حادیسەکەی نێوان من‌و موحسین شەعلان لە من نزیکبووەوە. رۆژێك کە من نائیبی رەئیسی ئیتیحادی عام بووم، موحسین شەعلان کە سکرتێر بوو و برادەری رەئیسی بوو، ئەو موحسین شەعلانە لەگەڵ لەتیف نسەیف جاسمی وەزیری ئیعلام‌و عەبدولفەتاح محەممەد یاسینی ئەندامی قیادە لە غورفەی من پاچەیان خواردبوو، بەیانییەك کە چووم دیتم مەنجەڵێك لەسەر مێزەکەم بوو و پاچە خورابوو، بەفەراشەکەم گۆت ئەوە کێ‌لێرە نانی خواردییە، گۆتی ئەوە سێیە بوون. چووبوون لەغورفەی موحسین شەعلان دانیشتبوون، منیش چووم بانگی موحسین شەعلانم کردو پێمگوت ئەوە لۆ نانتان لەغورفەی من خواردییەو لۆ لەغورفەی خۆت نەخواردییە، گۆتی چ قەیدییەو ئەمە برای یەکین. گوتم نا ئەوە تەجاوزە، عەلاکولین جوونم پێداو بووە شەڕە قسەمان‌وئەلموهیم شەقێکم لێدا. رەئیس لەسەر ئەوە شەش حەفت مانگان لەمن تورە بوو، هەتا کە موناسەبەشمان دەبوو و دەهاتە لامان خۆی لە من نەدەگەیاند. دوایێ کە موئامەرەکەی محەممەد عایش‌و ئەوانبوو و ئەو موحسین شەعلانەشی تێدابوو و موئامەرەکە بەتەنسیق لەگەڵ سوریا بوو، کەوا بزانم ساڵی ١٩٨٠ بوو، ئینجا یەك لەو کەسانەی بەهۆی ئەو موئامەرە سەرنەکەوتووەوە ئیعدامکرا موحسین شەعلان بوو. کە ئیعدام کرا لەبەر ئەو شەقەی کە لێمدا بوو زۆر منی خۆشویست‌و دیارییەکی دامێ کە برنۆیەك بوو. گۆتی ئەوە حەقی شەقەکەت کە لەو قەشمەرەت دا. گۆتم تۆ حەفت مانگان کە دەهاتییە وێندەرێش قسەت لەگەڵ من نەدەکرد. گۆتی من زۆر موحسین شەعلانم خۆشدەویست قەت نەمدەزانی ئەوەندە دووڕنییەو موئامەرە لە من دەکات. گوتی، دەستت خۆشبێ بریا لەچیاتی ئەو شەقە زللەیە گوللەیەکت لێ بدابووایە.

*** جیاوازی سەددام لە کۆبوونەوە گشتی‌و تایبەتییەکاندا چۆن بوو؟**

– سەددام لەکۆبوونەوە گشتییەکاندا زۆر توندبوو، زۆر شت هەبوو خەڵکەکە دەیویست موناقەشەی لەسەر بکات، بەڵام کە دەیاندیت هیچ موجامەلەیەك لە دەموچاوی‌دا نییە موناقەشەیان نەدەکرد. ساماڵ مەجید فەرەج کە کورد بوو بەهۆی قسەکانی لەکۆبوونەوەیەکدا بووە وەزیری تەختیت، من لەو کۆبوونەوەیەدا دانیشتبووم کە کۆبوونەوەی زراعە بوو، پرسیارێکی لە وەزیری زراعە کرد، وەڵامی وەزیری زراعە داوە، ئەو ساماڵ فەرەجە هەستاوە، کە ئەوکات وەکیل وەزیری زراعە بوو، گۆتییە سەددامی نەخێر ئەوها نەبوو کە وەزیر گوتی‌و من باشتر ئاگام لێیەو شتەکانی زۆر بەرێکوپێکی بۆ شەرح کرد، سەددام هەر ئەوەندەی گۆت: چرا بەخۆی رووناکی دیارە ئەگەر لەتاریکە شەویش بێت. ئێمە هەر ئەوکاتی زانیمان کە ساماڵ سبەینێ دەبێتە وەزیر، بەڵام ئەو تەوەقوعەمان کردبوو بکرێتە وەزیر زراعە، بەڵام رەئیسەن رۆژی پاشتر کرایە وەزیر تەختیت. وەکو گوتم لەکۆبوونەوە گشتییەکاندا زۆر توندوتیژ بوو، بەڵام لەکۆبوونەوە شەخسی‌و تایبەتییەکاندا زۆر حەزی لە نوکتەو پێکەنین‌و قسەی خۆش بوو. یەعنی فەرقێکی زۆری هەبوو.

*** عەرەب زۆر نوکتە لەسەر کورد دەکات، ئەویش حەزی لەنوکتەی سەر کوردان بوو؟**

– بەڵێ. جارێك قیناتمان هەبوو لە ئیتحادی عام، عیزەت دووری ئێمە ئەو مەجموعەیەی دەعوەتکرد لەماڵی خۆی کە دەرچووبووین، سەددامیش هات، سەددام بەمنی گۆت: کاکە رەفعەت نوکتەکمان لەسەر کوردان لۆبکە، ئەمنیش گوتم ئەوەڵڵا نوکتە لەسەر دووریان زۆرن با ئەبوئەحمەد (عیزەت دووری) نوکتەکمان لەسەر دووریان لۆبکات. عیزەت دووری بە منی گۆت کاك ئەبوکەرخی هەر زۆر تەبیعییە دە نوکتەتان لەسەر دووریان لۆ دەکەم، گوتم ئێ دەباشە نوکتەکمان لەسەر دووریان لۆ بکە. گۆتی فەلاحەکی مە هاتبووە بەغدایێ چێلێکی کڕیبوو، چێلەکەی هاوێشتبووە ناو پیکەب سایێق پیکەبی دەهاژواو بەخۆشی لەکن چێلەکە بوو و سەری خۆی لە چاکەتەکەی لوول دابوو و نووستبوو، کە هەستابوەوە چێلکەی نەمابوو و پەتکەکەی پساندبوو و بازی دابوو، لە سەقفی سەیارەکەی دابوو گۆتبوویە سایقەکەی چێلەکەی من لەکن تۆیە، ئەویش تێنەگەیشتبوو و سەری بادابوو. ئەویش لێ نوستبووەوە، کە دەگەنە جێ دەڵێتە سایێقەکە کا چێلەکەی من، سایێقیش پێیدەڵێ کاکە لەناو بۆدی لە کن توبوو خۆ لە کن من نەبوو، فەلاحەکەش پێیدەڵێ ئەدی من لەسەقفی سەیارەم نەدا تۆ سەرت راوەشاند کە لەکن منە، چێلەکەم لە تو دەوێ، وەلحاسل بەشەڕهاتن‌و یەکدییان کوشت. هەندێ جار سەددام بەخۆیشی نوکتەی دەکرد.

زۆر جار تێکەڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو بنەماڵەی سەددام دەبووم

خۆی قسەو گفتوگۆ بکات؟

– بەڵێ من ئەو کاتە ئەندام بووم، ئەو ئەبو حیکمەتە لەوێ بوو تا ئەو کاتەی کە جەبهەکەیان لەگەڵ حیزبی بەعس تێکچوو، بەڵام باپێت بڵێم مەجلیس تەشریعی مەجموعە خەڵکێك بوون کە کەسیان حوڕ نەبوو و نەیدەتوانی بەکەیفی خۆی قسە بکات‌و هەموومان وەك یەك قسەمان دەکرد، رەئیس مەجلیس تەشریعی بانگی دەکردین‌و ماددەو مەوزوعەکانی پێشتر پێدەگوتین‌و دەیگوت ئەو شتانە تەرح بکەن ئەوجا ئێمەش ئۆتۆماتیکی وامانەدەکردو تەئیدی شتەکانمان دەکرد. هەموو ئەندامەکان وابوون. تەنیا یەك کەس لەناو مەجلیس تەشریعی‌دا مەوقیفی نواند کە ئەویش (شاکر فەتاح)ی نائیبی رەئیسی مەجلیس تەشریعی بوو کە لەکۆنگرەی ئەفکاری رەئیس دا وتارێکی خوێندەوەو گوتی: من نازانم حکومەتی عێراق بۆ دەیەوێ گفتوگۆ لەگەڵ ئێران بکاو، بۆچی لەگەڵ شۆڕشگێڕان (ثوار)ی هەزار کەسم لەکن بووە هەمووی فیراری عەسکەری، ناوەڵڵا پەشیمان نیمە.

*** هیچ جار پێشمەرگەت ئازاد کردووە؟**

– ئەرێ وەڵڵا حیمایەم گرتییە هی کاك مەسعوودی بووەو بەریشم داوەو ئێستاش مایە، ئەوەتا عەلی مەحموود لەسوپای دووە گرتیتم بەرمدایە، ئەو مودیر شورتەی ئێرە فەرهاد گرتیتم بەرمدایە. خەڵکم گرتییە بەرم داوە، کەسم نەگرتییە، هەموو کورد باراستبنەوە بریێن یەك نەفەری بەگرتن دایە.

*** هیچ پێشمەرگەت ئازار دایە؟**

– ناوەڵڵا. ناوەڵڵا گرتیتم‌و نانیشم دایتێ‌و بەرێشم کردییە، بەڵام وەکو تەنزیم وەکو ئەوەی یارمەتیم دابن، نەمکردییە ئەو یارمەتیانەم هیچ نەکردیینە.

*** هیچ جار لەکۆبوونەوەو دانیشتنەکاندا ناچار کرای قسە بەسەرکردەی حیزبە کوردییەکان بڵێی؟**

– کابرایەك لۆ خۆی قسان دەکا ئەوە بوو و ئێستاش ماوە، هەروەها خزمەکانی دیکەشم کە هەموویان سەر بەپارتین، ئەو داوایەیان لێکردم و گوتیان پرسمان بەحیزبیش کردووە، رەئی هەیە کە فەوج وەربگری لۆ ئێمە، بۆ ئەوەی خۆمان پێ حیمایە بکەین ئەگەرنا دەبێ بچین لەکن خەڵکی ببێ بەجاش، لەبەر ئەوە یان دەبێ منداڵەکانمان بچن لەجنوب عەسکەری بکەن و بکوژرێن یان دەبێ فەوجێکمان بۆ بکەیەوە، عەلی دارتاش گۆتی بۆ هەموو شتێکیش من مەسئولییەتی هەڵدەگرم بەس لەعەسکەری‌و قادسییە رزگارمان بکە.

*** ژمارەی فەوجەکەت چەندبوو؟**

– ژمارەکەی (٥٦) بوو، یەکێکبوو لەفەوجە ئەوائیلەکان، بەڵام فەوجەکەم لەهەر شوێنێك کاری کردبێ، خەڵك لەئێمە مەمنون بووە، فەوجەکەشم لەسەر رێی کۆیە قایمکردبوو، لەهەولێرەوە تا کۆیە رەبایەو مەبایەکانی عایدی ئێمە بوو.

*** زۆر جار تێکەڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو بنەماڵەی سەددام دەبووم**

*** ئەی ئەوە دەچوویە لای سەددام؟**

– ئا.. ئا لەرێگەی براکەیەوە، منیشی باش ناسی‌و زۆر لەگەڵم دادەنیشت و موناقەشەی لەبارەی مەسەلەی کوردەوە لەگەڵ دەکردم‌و وەڵامەکانی منی زۆر زۆر پێخۆشبوون، چونکە بەبێ هێنان‌وبردن‌و بەڕاستی جوابم دەداوە. دەیگوت زۆرم پێخۆشە کورد بێت دابنیشێ‌و لەعەرەب زیاتر رێزی بگیرێ، عێراق یەك عێراق بێت، منیش پێمدەگوت عەرەب قەت ئەو برایەتییە وا بەئاسانی هەزم ناکات کە تۆ د

گەڕانەوە بۆ دیوەخان لەکۆمارەکەی بریمەردا

نیهاد جامی

(١)

بەدوای ئەو هەموو ئومێدەی گوتاری سیاسی کوردی لە ماوەی دووساڵی رابردوو خۆی نوقمی کردبوو لەگەڵ بنیاتنانەوەی دەوڵەتی نوێی عیراق لەڕێگەی هێزەکانی ئەمریکاوە، دەرکەوت کەئەوئومێدە تەنیا دەروازەیەکی ناسپۆنالیزمی کوردیی بوو بۆ خەونێکی قووڵ، خەونێك بەهیچ چەشنێك ناپەڕێتەوە ناو واقیع، تەنانەت نوێنەرانی دەسەڵاتی کوردیی وبەتایبەتی هەردوو سەرکردەی دوو حزبە براو دوژمنەکەی یەکتریی دەرکەوت کە ئەوان دووکارەکتەری سیاسی میانڕەون لەئاستی کێشەکانی عیراقداو توندڕەوی ئەوان تەنیا لەسەر ئاستی کێشەکانی ناوخۆی کوردستانە، ئەو دوو کارەکتەرە کە بەهیچ چەشنێك ئامادەنەبوون لەحکومەتی کوردیی یەکێکیان ببێ بەجێگری ئەویتر، بەڵام لەحکومەتی عیراقیدا ئەو پۆستەیان بەخۆشحاڵیەوە قبوڵ کرد. ئەگەر چی لەم ڕۆژانەدا کەوتنە هەڵوێست نواندن بەوەی لەڕێگەی نامەیەکەوە بۆ بوش هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوە رادەگەیێنن، ئەو هەڵوێستە بۆخۆی جێگەی گومان کردنە، چونکە ئەوان کەبەچەپڵە پێشوازییان لەحکومەتی نوێ کرد، وەك چۆن ڕێکخستنەکانی خۆیان فێرکرد لەشارەکانی هەولێرو سلێمانی بەگوڵ پێشوازی لە مارینزەکان بکەن و خۆشیان ڕوویان کردە بەغداو بارەگا سەرەکیەکانیان لەوێ دانا، دیارە ئەو بیرخستنەوەیەبە مەبەستی قسەکردنەوە نییە لەڕابردوویەکی نزیك هێندەی لەناو ئەو نووسینەدا دەیکەین بەپرسیارێك بۆ دوان لە ڕەفتارەکانی دەسەڵاتی کوردیی.

(٢)

مێژووی سیاسی ئەو دوو کارەکتەرەی لەناو دنیای ئێمەدا بوونە بەدووسیمبولی سیاسی لەسەر ئاستی ئاماژەکانی ژیان و پەرپونەتەوە ناو کایە کۆمەڵایەتییەکانمان، دەبیننێ مێژووی ئەوان مێژووی بەرەنگاریە تا ئەو ئاستەی بۆ ئەوەی ململانێو بەرەنگاریی بکەن بەشوناسی خۆیان بوونی خۆیان وابەستەی هێز دەکەن، شەڕکردنیان لەگەڵ یەکتریی لەناو شاخدا بەرهەمی ئەو تێگەیشتنەیە، ئەو تێفکرینە بەتەنیا بەرهەمی عەقڵی ئەو دوو هێزە کوردیە نییە بەڵکو لەمێژووی سیاسی ئێمەدا هێزێك نابینیەوە بوونی خۆی وابەستە نەکردبێت بە شەڕکردنەوە ئەو شەڕەش بەرهەمی بەهای خێڵەکیانە بووە کە حزبی کوردیی لەو شوێنەی هەڵگریی گوتاریی مارکسیەتیش بووە نەیتوانیووە دەسەبەرداری بێت، وەك لەجیابوونەوەی ئالای شۆڕش لە "یەکێتی"و شەڕکردنی لەگەڵ ئەو هێزەدا بەتەواوی ئەوەمان تێدەگەیەنێت، حزبی کوردیی بۆ ئەوەی هەبێت دەبێ شەڕبکات، ئەگەرچی ئەو شەڕە بەدوای قۆناغەکانی شەڕی یەکتریی پەڕیەوە ئاستی تر. بانمونە بەڕووداوی سێ و یەکی ئابی نەوەتو شەش بێنینەوە ئەو ڕووداوە لەلایان هەردوو هێزەکە لەتەفسیریی سیاسی رووکەش دەرنەکرا، پارتی ویستی واتەفسیری ئەو ڕووداوە بکات کە مادامەکی یەکێتی ئێرانی هێناوە ئەویش پەنا دەباتە بەر عێراق ئەو پەنا بردنەی بەوە ناوبرد کە ئەوان نەبوونە بەجاش بەڵکو جاشایەتیان بەعێراقەوە کردووە هەر پاساوێك بۆ ئەو ڕووداوە جگە لەکۆمیدیای ئەو هێزەی بەو ڕووداوە هەڵدەستێ شتێکی تر نییە، لەهەمانکاتدا ئەوە تەنیا پارتی نییە لەم ڕووداوە بەڕپرسیارە، ڕاستە ئەوەی بەپلانەکە هەڵدەستێ ئەوە، بەڵام بەڕپرسیاری سەرەکی "یەکێتی"ە کە ڕووداوەکە کورت دەکاتەوە ناو تاکە دەڵالەتێکەوە بەوەی پارتی خیانەتی کردووە عێراقی هێناوە وەك ئەوەی شەڕی ناوخۆ گەورەترین خیانەت نەبێت لەبەرامبەر مێژووی قوربانیەکانی شاخ، نەك تەنیا ئەو پێشمەرگانەی کوژراون بەڵکو ئەو هەموو لادێیو جوتیارو خێزانە کوردییانەی بەگوتاری حەماسی کوردبوون مردنیان خستەبەردەم ژیان و دواتر بەم شەڕە شتێك نەما پێی بڵێین ئارەزووکردن لەژیان، بەڵکو شەڕی ئەو دوو حزبە بۆ خۆی بێ بەها کردنی غەریزەی ژیانە، سی ویەکی ئاب سەرەتای ڕووداوەکە نەبوو بەڵکو درێژەی گەمەکانی ئەو مێژووەیە، یەکێتی لەوێدا بەڕپرسیاربوو کە نەیویست ڕووداوە کە لەتێڕوانینی ئایدیۆلۆژی جیابکرێتەوە، ئەو بەتاکە تەفسیریی خیانەتی پارتی ڕووداوەکەی کورت کردەوە، لەهەمان کاتدا هەموو ئەو تەئویلانەی لەڕووداوەکە سەندەوە کە ڕووداوەکە دەبەستێتەوە بەپەیوەندیی گوتاریی سیاسی کوردو پاشگەزبوونەوە لەگوتاری ئاکاری کوردیی بەوەی ئیدی چەمکی ئاکار دەبێ سەرلەنوێ پێناس بکرێتەوە پرسیاری کێ دوژمنە پرسیارێك بوو ئەوە پارتی نەبوو نەیهێشت بکرێ سەیرەکەی لەوەدایە نەکردنی ئەو پرسیارە یەکێتی لێی بەر پرسیارە وەك چۆن قسەنەکردن لەو ڕووداوە وەك پرۆژەیەکی ئابووری حزب، وایکرد ڕووداوەکە ببێ بەساتەوەخت و مۆدیلێکی سیاسی کە دیارە ڕۆشنبیرانی هەردوو حزب بەپێی ویستی حزبەکەی بەشداری لەو مۆدیلی قسەکردنە کرد.

(٣)

هەر لەسەرەتاوە هێزە کوردییەکان بانگەشەیان بۆ دلسۆزی نواندن لەبەرامبەر هێزەکانی ئەمریکا کردو تاکە پاساویشیان ئەوەبوو کە ئەمریکا کورد وەك هاوپەیمانی خۆی سەیردەکات، ئەو هاوپەیمانیەتە لەسەر ئاستی توندوتیژی سیاسی دەرکەوت، وەك لەهاوکاریی کردنی بۆ یەکێتی لەهێرش کردنە سەر ئەنسار ئیسلام بینیمان کەچۆن بەهەمان چەشنی ئەو موشەکانەی لەبەغدای گرت بەهەمان شێوە ئاراستەی تەوێڵە و بیارەی کرد، ئەو هێزە سیاسیەی ئێمە خۆشحاڵ بوو بەو بیانووەی کە دوژمنە سەرسەختەکەی کۆتایی هات و ئەوەی بیرچوو کە توندوتیژی تەنها توندوتیژی بەرهەم دێنێتەوە. ئەو هێزە تەنها ئەگەر بیری لەڕابردووی خۆی بکردبایەوە هەرگیز نەدەبووایە ئەو سەرکەوتنە سەربازییەی ئەمریکا خۆشحاڵی بکات، چونکە وەك بینیمان ئەو شەڕە بە ڕووداوێکی تری توندوتیژی وەڵامی درایەوە، لەڕووداوە تیرۆریستیەکەی یەکی شوبات. دواتر ئەو هاوپەیمانیەتە ناوبردنە دەرکەوت تەنیا بۆ بێدەنگ کردنی کوردە، لەلایەکی تریش خستنەگەڕی میدیای یەك لایەنەی شەڕ، کە یەکێك بوو لەخەوشەکانی ئەم شەڕە، میدیای کوردیی میدیایەکی بێلایەن نەبوو بەڵکو بەشدار بوو و لە ستایشکردنی ئەمریکا دەرنەدەچوو، هیچ ڕەخنەیەکی لەو هێزە نەبوو، تاکە بیانوویەکیشی ئەوەبوو کە ئەو شەڕە تاکە هۆیەکە بۆ ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی بەعس و سەددام، کە دیارە ئەوتێگەیشتنە زۆر لەنووسەرانی کورد هەڵگریی بوون، کە ئەگەر مرۆڤ شەرم نەکات وبیەوێ ڕاستی بڵێت دەبێ دانی پیابنێین کە ئێمە بۆ خۆشمان یەکێك بووین لەو کەسانە بەڵام کاتێك، شتێ نامێنێ پێی بوترێ دەسەڵاتی بەعس و سەددام مانەوەی ئەو هێزە جگە لەوەی دەبێ وەك داگیرکەر بیناسین ناوێکی تری بۆ نادۆزرێتەوە، تەنانەت ئەو بیانووە ئەمریکییەی حزبە کوردییەکانیش داکۆکی لێدەکەن کە گوایە پاشماوەکانی سەددام لەناو عیراقدا شەڕدەکەن ئەو بیانووەش جگە لەدرۆیەکی ئەمریکی شتێکی تر نییە، چونکە ئەگەر پاشماوەکانی بەعس شەڕیان بکردبا بۆچی دوای کۆتایی حوکمی بەعس ئەو شەڕەیان دەکرد. بۆیە ئەو شەڕە دەکرێ زیاتر هەڵگریی دوو ڕەهەندی کۆمەڵایەتیو ئایینی بێت، ڕەهەندی یەکەمی شەڕەکە ڕەهەندێکی ئایینیەو ئەو شەڕە واسەیر دەکات کە کوشتنی ئەمریکی فەرمانێکی ئایینیە بەو مانایەی کوشتن بەوەزیفەی کارەکتەری مووسڵمان تێدەگات، کە دیارە لێرەدا هێزە ئیسلامییەکان دەتوانن سوود لەو دۆخە وەرگرن بۆ دەسخەڕۆدانی بەشێکی زۆری کۆمەڵگا بۆ مردن، لێرەدا شەڕی فەلوجەو سەدر نمونەی ڕەهەندی ئەو شەڕەیە، نەك گوایە پاشماوەکانی بەعس لەفەلوجەدان چونکە ئەگەر سەیر بکەین ئەو ڕەهەندە ئایینیە لە فەلوجەدا زەمینەی باشتری هەیە بەو پێیەی شارێکە زۆری خەڵکەکەی هەستی ئایینی لەناویدا لەهەموو هەستێك زیاتر لەکار دایە کە لەو حاڵەتەشدا هەر هێزێکی ئیسلامی توانای ئەوەی دەبێت سوود لەو دۆخە وەربگرێت، ئەگەر دوور نەڕۆین سوود وەرگرتنی ئەنسارولئیسلام لەناوچەی هەورامان پەیوەندی بەهەمان ڕەهەندەوە هەبوو.

ڕەهەندی دووەمی شەڕەکەش کە ئەوەیان هەر لەناو ڕەهەندی یەکەمەوە دێتە بوون، بەڵام وەك ئەو کاریگەر نییە ئەگەرچی تاڕادەیەکی زۆر کاری خۆشی دەکات، ئەویش بەدوژمن سەیرکردنی ئەمریکایە بەوەی ئەو هێزە سەربازییە هاتووە وڵاتەکەی داگیرکردووەو هەستی نیشتیمانی هانیدەدات لەبەرامبەر ڕەفتارەکانی ئەودا توندوتیژی بنوێنێت، بازۆر دوور نەڕۆین سووکایەتی کردن بەدیلە عیراقییەکانی زیندانی ئەبوغریب بێنینەوە بەڕچاومان تایا ڕووداوێکی لەم چەشنە دەرفەتی ئەوە دێلێتەوە ئەو داگیرکەرە بەئازادیخواز بناسێن؟ ئەگەر بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێمان بوترێ وەك هەندێك ساویلکە وتیان ئەوە بەعسییەکان بوون لەئەبوغریب وایان لێکرا بۆچی نابێت ئەوانە هەر ئەو هاووڵاتیانە بن کە لەسەردەمی بەعسیش بەهەمان شێوە ئەشکەنجەدراون و ئەتککراون، بەڵام دواتر ئەگەر ئەمریکا هەمان ڕەفتاری بەعسی دووبارە کردەوە دەبێ و ئەو جیاوازییە چیبێت کە دەکەوێتە نێوان سەددامو بوش؟ بۆ ئەوەی مێژووی ئەو تاوانە بسڕدرێتەوە سەرانی کۆشکی سپی داوای ئەوەیان کرد کە ئەو زیاندانە تێکبدرێت، دیارە ئەو کارەش بەخاڵێکی ئیجابی لەلای زۆر لەسیاسیەکانی ئێمە سەیر کرا لەکاتێکدا ئەمریکا دەیەوێ بەتێکدانی ئەو زیندانە ئەو مێژووە شەرمەزارییەی خۆی بسڕێتەوە، ئەوەی لەهەمووشی سەیرتر هاتەبەرچاو بینیمان ڕامسفێلد چەندین جار داوای لێبووردنی کرد باواز لەوەش بێنین کە ئەوەش گەمەیەکی تری ئەمریکییە چونکە ئەو ڕووداوە کارێکی ڕاگوزەری چەند سەربازێك نەبووە هێندەی بەپلانێك جێبەجێکراوەو مەبەستەکەش بۆ شکاندنی ئیرادەو کەرامەتی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایەیە، بەڵام دەبینین دوای ئەو پۆزشە بەڕێز تاڵەبانی لەلێدوانێکدا ڕایدەگەیەنێت: باش نییە ئەوەی ئەمریکیەکان دەیکەن بەئازادی لەمیدیاکان پەخش دەکرێت، خۆ ئەوانەی بەعس کەس نەیدەبینین.

(٤)

ئەو لێدوانەی تاڵەبانی پێویستە بەسەرماندا تێنەپەڕێتو مایەی ئەوەیە چەندین پرسیار بخەینە بەردەم ئەو سەرکردە کوردە، ئایا ئەو شەڕە بۆ ئەوە بوو کە عیراقییەکان هەموو ڕۆژێکیان دۆزەخ بێت، گرنگ نییە تەنیا گرنگ ئەوەیە حزبە کوردییەکان بارەگا لەبەغدا بکەنەوەو یەکی مانگێك بێن بەسەرۆکی مەجلیسی حوکمی ئەمریکی؟ تاکەی دەبێ مێژووی خوێن و ترس ببێ بەشوناسی هاووڵاتیەکانی ئەو وڵاتە؟ ئەو ئومێدە خەیاڵییە چیبوو کە ئەمریکا بەئێوەیداو ئێوەش بەکۆمەڵگاتان فرۆشتەوە؟ چی چاوەڕواندەکرێت لەوەزیرەکانی ئەو وڵاتەو ئایا کوردبوونی وەزیرەکانی ئێمە باشتردەبن لەوەزیرو جێگرەکانی حکومەتی بەعس؟ ئەو عەشقە گەورەیە چیبوو ئێوە لەبەرامبەر عەشیرەتە عەرەبەکانی خوارووی عێراقدا نواندتان ئایا تەنیا بۆ نفوز زیادکردن بوو یاخود پەیوەندیی هەبوو بەگوتاری ئایدیۆلۆژی (ی.ن.ك)ەوە؟ ئیدی ئەو قۆناغە وا پێویست دەکات دەسبەرداری مافی تاکانەبین و دەسکەوتەکانمان تێکەڵی یاسای عەشیرەت و دیوەخان بکەینەوە؟ ئەگەر وایە ئەی بۆچی لەساڵیادی یەکێتیدا یەکێك لەمانشێتەکانتاندا داوای ئەوە دەکەن بۆ ئەوەی بوونی هاووڵاتیان و ژیان و ئارامی و گەشەکردنی پارێزراو بێت، پێویستە لەناو ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا بن، ئایا ئەو دروشمە پێچەوانەنایەتەوە لەگەڵ ڕەفتارەکانی ئەو هێزە لەماوەی حوکمی داگیرکاریی ئەمریکا؟

(٥)

هەریەك لەوپرسیارانە بەمەبەستی وەڵامدانەوە نەنووسراوە بەڵکو قسەکردنەوەیە لەو دۆخە بێدەنگەی سیاسی کورد خوڵقاندوویەتی دوای ئەوەی بۆ ماوەی دوو ساڵ لەبەغدا بوون و دواتر بەهێمنی و بێدەنگ گەڕانەوە شارەکانی کوردستان و حوکمە زاتیەکیان پێدرا، کە ئەوەی لەحەفتاکان بەعس بەبارزانی دابوو زۆر لەوە زیاتربوو، ئەگەر ئەوەی ئەمڕۆ لەدەوڵەتی عێراقدا لەو دۆخە نالەبارە بەکورد دەدرێت هەر ئەوەندە بێت ئاخۆسبەینێ کە ئەو دەوڵەتە پایەکان و دامەزراوەکانی پۆڵایین بووچۆن ڕەفتار لەگەڵ کورد دەکات و ئاخۆ دەتوانێ وەك نەتەوەی عەرەب سەیری کورد بکات و هاووڵاتی کورد بەپلە دوو سەیر نەکات؟ چونکە ئەگەر ئەوەمان بیرنەچووبێتەوە کە کاتێ لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عیراق لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوو زۆری ئەفسەرە دیارەکانی سوپا لەکوردو ئاسوری پێکهاتبوون ئەی بۆچی بەدرێژای مێژوو ئیدیی سوپا بوو بە دڕندەیەك و بەدرایە گیانی کوردو تاگەورەترین تراژیدیاکانی سەدەی بیستەمی لێکەوتەوە؟ بەداخەوە دوا قسەشمان دیسان بەپرسیار کۆتایی هات، کێ لەئایندەی ئێمە بەڕپرسیارە.. ئێوە؟ کە بەهەردووکتان نەتانتوانی بەبریمەر بڵێن لەماوەی دوانزە ساڵی ڕابردوو ئەگەر ئەوەمان لەسەددام داوابکردبا بەزیادەوەش پێیدەدایین، تکایە پێتان بڵێین سوپاس بۆ هەڵوێستتان یان ماڵتان ئاوا کە توانیتان هەولێرو سلێمانی نەخە نەژێر دەستی برای عەرەبی پێڕەتیم؟

ئایا ئێدی لەکۆمارەکەی بریمەردا خۆمان بۆ دیوەخانی سەرەك کۆمار ئامادە بکەین؟ ئەگەر وایە چەند زانا و زیرەکبوو سەرکردایەتی سیاسی کوردیی هەر لەسەرەتاوە دەیزانی داهاتوو بۆ دیوەخانە بۆیە بەو ڕادە سەیرە پێشوازی لە عەشیرەتە عەرەبەکان دەکرد، دیارە پارتی بەپێی ستراتیژی ئایدیۆلۆژی خۆی زۆر لەیەکێتی باشترە، ئەگەرچی لەوەتەی بەعس نەماوە یەکێتی هەوڵی داوە دۆستێکی زۆر لەبرا چاوڕەشەکانی شەمەری و جبوری و نازانم کێ و کێ کۆبکاتەوە.

*** زۆر دەچوویە ماڵی سەددام؟**

– نەوەڵلا زۆر جار نا، بەڵام سوتفەشی دەکرد دەچووین، ئەوها شتێك بووبایە لەگەڵ برایەکانی دەچووین.

*** بەگوێڕەی ئەو سیدیانەی دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام بڵاوبوونەوە، ماڵی عودەی وەك مەرقەدس بووە، ماڵی سەددام لەو ڕووەوە چۆن بوو؟**

– ئەمن ماڵی عودەی و قوسەیم نەدیتبوو و هیچ پەیوەندیشم لەگەڵیان نەبوو. سەددام مەزرەعەی هەبوو، بەڵام ماڵی خۆی ئەو شتانەی لێ نەبوو و ماڵێکی تەبیعی بوو. بەڵام سەددام ماڵی زۆربوو لەناو ئاوێش خانی کردبوو، عودەی و قوسەی لەساجیدە کە کوژران و عەلی لە سەمیرە شابەندەر. وابزانم هەر ئەوی ماوەو کوڕی دیکەی نییە.

*** وادیارە سەددام بێجگە لەساجیدەو سەمیرە شابەندەر ژنی دیکەشی هەبووە، پێش ڕووخانی ئافرەتێکی یۆنانی بەناوی (پاریسۆلا) دەیگوت سەددام لەگەڵی ڕادەبواردوم، هەروەها دوای ڕووخانیشی ئافرەتێکی عێراقی بەناوی (منسية خضر) دەیگوت سەددام منی مارە کردبوو. لەو ڕووەوە چ دەربارەی سەددام دەزانی؟**

– وەڵلاهی من لە ژنان تێکەڵی نەبوومە تابزانم. بەڵام من یەك حاڵەتم بەچاوی خۆم دیت ڕۆژێك ژنەکەی شێخ جەبار تاهیر شەریفی برای عەبدولسەتار تاهیر ڕۆژی پاشتر تەلەفۆنیان لێ کردم گۆتیان وەرە قەسر، کە چووم منیان بردە خانییەکی، ڕەئیس هات، بەهەر حاڵ لەگەڵم دانیشت، ئەوو ئەوە لەگەڵی ڕابواردمو شتی وا، دوایێ کارتێکی دامێ گۆتی هەر کاتێك ئیشت بە من بوو تەلەفۆنم لەگەڵ بکە، بەڵام ئێستا کە تەلەفۆن دەکەم بەخۆی هەڵیناگرێو حسێن کامل هەڵیدەگرێو سەت جوونم دەداتێ و دەڵێ جارێکی دیکە تەلەفۆن بکەیەوە دەتگرم. هەروەها ئافرەتەکە گۆتی: لەکاتی ئەو ڕووداوەدا من تازە مێردم کردبوو، مێردەکەم کە ئەوەی زانی منی تەلاق داو تووشی موشکیلە بوومە لەسەری. ئافرەتەکە گۆتی ئەوە شەریف کە حیزبی سەوری کوردستانیان هەبوو تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی ژنەك هەیە موشکیلەکی هەیە دەینێرمە دائیرە لای تو. گۆتم بابێ، هات. وادیارە جیرانی ماڵی شێخ جەباری بوو، یان برادەری ژنەکەی بوو. ئافرەتێکی عەرەبی زۆر جوان و ڕێکوپێك بوو پێمگوت فەرموو خوشکە ئەمرکە چ ئیشت هەیە. گۆتی دەمەوێ مواجەهەکی سەددامی لە بۆ من وەربگری. پێمگۆت چ ئیشت بە سەددامی هەیە، گۆتی ئیشی شەخسی، پێمگۆت ئەگەر من نەزانم چ ئیشت پێیە نایکەم لەبەر ئەوەی دەترسم موشکیلەیەکی لۆ من تێدابێو موشکیلەم لۆ دروست بکەی، من دەتوانم تەلەفۆن بکەم بە ڕەئیس دیوان بڵێم مواجەهەیەکت بۆ وەربگری، بەڵام ئەگەر ئیشەکەت نەزانم نایکەم. وەڵلا ئافرەتەکە گریا گۆتی من مامۆستامە لەو قوتابخانەیەی پشت دائیرەی تو.

*** ئاوی ئافرەتەکەو قوتابخانەکەت بەبیر نایێنەوە؟**

– ئاوەڵلا ئاوی ئافرەتەکەو قوتابخانەکەم بەبیر نایێ، بەڵام ژنی ڕەئیسیش ساجیدە لەو قوتابخانەیە مامۆستا بوو و لەوێ دەوامی دەکرد. وەلحاسڵ ئافرەتەکە بە منی گۆت بەبیرت دێ پار ڕەئیس هاتە ئێرەو ئەو دوو مەنتیقە گیرابوون، گۆتم ئا بەبیرم دێ. گۆتی: من مامۆستا بووم لەو قوتابخانەیەی، کە ڕەئیس هاتو چاوی بە من کەوت کە لەهەموو مامۆستاکان ڕێکوپێکترو ئەوەترم، گۆتی کە ڕۆیی ئاورەکی داوەو پاشان حسێن کامل هات ناوی منی پرسیو ناوی منی نووسی، موشکیلەی منەو دەمەوێ بۆ ئەو موشکیلەیە بچمە لای. گۆتم وەڵلاهی ئەوە شتێکی وانییە من تێکەڵی ببمو وابزانم هەرلۆ خۆشت خراپە ئەمن تێکەڵی بم. قابیلە من پێیان بڵێم وەڵلا ئەو ئافرەتە موشکیلەیەکی وای هەیە، من تێکەڵی نابم. ژنەکە ڕۆیشت. من ئەوەندەم بەچاوی خۆم دیت، ئەوەی دیکەش کە لەخەڵکی گوێم لێبووە بۆ نموونە مەسەلەی کچی شێخەکەی گەیارەو ئەوەو ئەوەو.

*** کچی کام شێخ؟**

– کچەکەی شێخەکەی گوندی گەیارە، بەڵام نازانم ناوی چییە، سەددام کچەکەی هێنابوو و برایەکەی کە ڕائیدی سویا بوو قەبووڵی نەکردو کوشتیان.

*** هیچ جارێك باسی عیلاقەی هیچ ژنێکی کورد هەبووە لەگەڵ سەددام؟**

– بەخوای گوێم لێنەبوو، نەخێر.

*** سەددام لەگەڵ مەشروب خواردنەوەدا چۆن بوو؟**

– سەددام لەکۆبوونەوەکانیشدا دەیخواردەوە، بەڵام نەك بەشێوەی ئاشکرا ئەوەشم لە قاوەچییەکەی سەددام گوێ لێبوو و بەخۆی لۆی گێڕامەوە، یەعنی کامل حەننا بۆی گێڕامەوە، ئەوەی کە بەدەستی عودەی کوژرا. ڕۆژێك ئەوەی لۆ گێڕامەوەو گۆتی لە زۆر موناسەبات ویسکیم لەمەسینەی قاوەیی دەکرد، بەردەوام مەسینەی وی جودا بوو، کە دەیگۆت قاوەی بینە لۆمو ئیشارەتی بۆ خۆی دەکرد، ویسکیم لەفنجانی دەکردو دەمدایێو دەیخواردەوە، بەڵام کە دەیگوت قاوەی بینەو دەستی بۆ هەموو مەجلیسێ ڕادەکێشا ئەوکاتی قاوەی حەقیقیم دەهێنا.

*** باشە ئەو کامل حەننایە چۆن وێرای ئەوەت پێبڵێ؟**

– ئەو کامل حەننایە هاتوچۆی منی دەکرد چونکە دەیویست مەزرەعەیەك بکاتو عاردی مەزرەعە دروستکردنیش لەدەست مەدابوو، ئیشەکەمان لۆ جێبەجێکرد. ڕۆژێك لێمپرسی و پێمگۆت ئەرێ ڕەئیس کو مەشروبی دەخواتەوە گوتی ئاخر بە ئیعدام کردنم دەدەی گۆتم ناوەڵلا دەنگی ناکەم، گۆتی وەڵلاهی زۆرم سیقە بەتووەو ئەوەی لۆ گێڕامەوە.

*** تۆکە بەڕپرسی دابەشکردنی زەوی بووی بۆمەزرەعە دروستکردن بۆچی هیچ مەزرەعەت بۆ خۆت دروست نەکرد؟**

– من ئەوکاتی خۆم پێ مەسئول بوو و پێم عەیب بوو مەزرەعەی لۆ خۆم بکەم. سەبعاوی کە برای ڕەئیس بوو جارەك هات بە منی گۆت ئەتو عەیب ناکەی عەردی دەدەیە خەڵکی بۆ مەزرەعە دروستکردنو بەخۆت مەزرەعەکی دروست ناکەی، گۆتم ئاخر من ئەوە بە لاییقی خۆم نابینم بەخۆم عەردی بدەمە خۆم بۆ مەزرەعە دروستکردنو بڵێن ها ئەو لەبندەستی خۆیەتی و چیکرد.

*** باشە کە ئەو پەیوەندییەت لەگەڵ سەددام هەبوو، دوای ڕاپەڕین هیچ پەیوەندییان پێوە نەکردی کە پەیوەندییان پێوە بکەیەوە؟**

– بەڕێوەڵلا سەت نوێنەرو نامەشی لۆ ناردیمە، هەتا لەوەختی کۆڕەوەکەی لەئێرانیش نامەیان لۆهێنام، بەڵام قەبولم نەکرد، چونکە من لەو مەوقیعانە ئیشم لەگەڵ ئەوان کردییە کە داشڕام لێیان قەتعەن پێوەندیم پێوە نەکردنەوە. کورد دەڵێ بەرد لەجێی خۆی بەسەنگە، کە هەر قەنا ئەوەی نامینێ. قەت ڕۆژێك لەڕۆژان لەنیازم نەگەڕا تەنازولیان لۆ بکەمەوە، چونکە کورد دەڵێ سواربوونی کەرێ عەیبە کە دابەزینی دوو عەیب. نەمدەویست لەگەڵیان بکەمە دوو عەیب.

*** دەڵێن کاتی خۆی لەڕۆژنامە شتێکت لەبارەی ڕەتکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی بەعس دا بڵاوکردەوە؟**

– بەڵێ. خەڵکی زۆریان دەنارده لام، تەنزیماتێکی زۆریان لێرە دروستکردبووەوە زۆر کەس پەیوەندییان پێوە کردبوو، زۆر کەس پەیوەندییان پێوە دەکردم، گۆتم چیدیکە پەیوەندیم پێوە بکەن شکایەتتان لێدەکەم.

*** ئایا ئەوانەی پەیوەندییان بە بەعسەوە کردبوو کۆنە ڕەفیقەکان بوون یان موستەشارەکانیش بوون؟**

– خۆی تەنزیم چ عیلاقەی بە ڕەئیس جاشەکانەوە نەبوو، بەڵام مەجموعەیەك لەڕەئیس جاشەکانیش پەیوەندییان کردبوو، ڕەفیق حیزبییەکانیش پەیوەندییان کردبووەوە.

*** بێگومان ئاگاداری کە ئەوانەی پەیوەندییان کردبووەوە ئێستا دەڵێن کوردایەتی دەکەین وانییە؟**

– وەڵلاهی ئەوجا هەر کەس بە تەریقەی خۆی کوردایەتی دەکات. بەڵام ئەمن کە لەگەڵیان پچڕام پەیوەندیم پێوە نەکردنەوە.

*** بەڵام قادری برات لەموسڵ بووو و هەندێ کەس دەڵێ پەیوەندی لەگەڵ موخابەرات هەبوو؟**

– ناوەڵلا قادری برام عیلاقەی لەموخابەرات وشتی وانەبوو، فەقیرەی عەرەبی و کوردیش نازانی. سیاسەت نازانێ و چاوی بەس لەتۆ کردن و شتی وابوو و لەتەماعی عەردەکانی خۆمان لە موسڵێ دانیشتبوو.

*** ماوەیەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی پارێزگارانی کوردستان و بەڕپرسی ڕاگەیاندنی بووی، بەڵام دواتر وازت لەحیزبەکە هێنا بۆچی؟**

– ئەو حیزبە کە دروستبوو لەسەر ئەساسی عەشایریو ئەوە، پێمانخۆشبوو چونکە بە تەبیعەتی حال حیزبی عەشایریمان خۆش دەوێ، ئەرێ وەڵلا. کە ڕێککەوتین ئەو حیزبە لە تەبەقەکی خۆمان بێ، بریتی بێ لەعەشیرەت و شتی وەها. بەڵام وەکی تەماشام کرد هەندێك تابعی سیاسیو کوڕەکانی سەرکێشیان دەکرد بۆ ئەولاو ئەملا تەماشام کرد وەزعەکە عەقڵم نەیگرت و ئینسحابم کرد. یەعنی بە سەبەبی منداڵەکانی عومەراغا وازم هێنا نەك لەبەر خۆی، چونکە بەخۆی پیاوێکی زۆر چاکە.

*** بۆچی زیاتر خۆت لە پارتییەوە نزیك دەبینی؟**

– هەموو کەس تەماشای ئاوێنە دەکات، خۆی لە چ ئاوێنەیەك ڕۆنتر ببینی، دایمەن خۆی لەو ئاوێنەیە نزیکتر دەبینێتەوە. پێشمواییە لە هەموو حیزبەکانی دیکە مەعقولترە، ئەوەش ڕای خۆمە بەڵکو خەڵکی دیکە وای نەبینی.

*** ماوەیەك کێشەت لەگەڵ یەکێتی هەبوو بۆچی؟**

– ئەوان کێشەیان لەگەڵ من هەبوو من کێشەم لەگەڵ ئەوان نەبوو. ئەوان داوای هەندێك شتیان لە من دەکرد کە دژایەتی پارتیم پێبکەن، منیش حەزم نەدەکرد، پێموابوو هەردووکیان حیزبی کوردین و هەردوولا کوردایەتی دەکەن و هەر کەس بەرەئی جیاوازی خۆی خزمەتی کورد دەکات. من بەیەك چاو سەیری هەردوولام دەکرد، کە دیتم ئەوان بەچاوێکی دیکە سەیری مەسەلەکە دەکەن هەرچەند تەماشام کرد بەرژەوەندیم نەدەگونجا لەگەڵیان، لە مەعقولییەتی تەسەوڕف و حیزبایەتیو کوردایەتی خۆم لەئاوێنەی پارتیدا بینییەوە.

کاتی خۆی ژنی شێخ جەبار یەك لەو ژنانەی نارده لای من کە سەددام لەگەڵی ڕابواردبوو

*** کە سەددام حسێنت دەدیت هەستتدەکرد ئەو کابرایە ترسنۆکە یان ئازایە؟**

– سەددام حوسێن ترسنۆك نەبوو، پیاوێکی ڕەشیدە، قەت ئینکاری لەوە ناکرێ. بەڵام پیاوەك بوو دەیویست پیاوەکی عەزیم بی، با یەك لەو نموونانەت لەبۆ بڕێم، حافز ئەسەد کە ڕەئیس جمهوری سوریا بوو یەك جار هاتە بەغدایێ قەول بوو ڕێککەوتنێك ببی، لەفڕۆکەخانە سەددام ئیستقبالی کرد، حافز ئەسەد کە هاتیتە خوارێ وەکو ئیحتیرام سەری دانەواندووە، سەددامیش زۆر شەقاوانی ڕاوەستا بوو لەو کاتەدا ڕەسمیان گیرایە. دوایێ کە حافز ئەسەد ڕۆیشتەوە ئەمن بەخۆم لە ڕەسمەم دیت کە سەددام لەسەرپشتی نوسیبووی: (هدية الى ولدي عودي لكي تتذكر دائما شموخ العراق)، ئەوە نموونەیەك بوو لەبارەی ئەو نەزعەیەوە. ئەو پیاوە پیاوێکی ئازا بوو نەترس بوو، زۆر جاران ئەمن لەبرایەکانی گوێم لێدەبوو مەسەلەن مەعلوماتیان دەدایێو دەیانگوت مەچووە فلان جێ لەبەرئەوەی خەتەر هەیە، دەیگوت نا دەچم، کەسی ئاگادار نەدەکردەوەو دەچوو.

*** ئەی کە ئازا بوو بۆچی بەو شێوەیە کەوتە دەست ئەمریکییەکان؟**

– وەڵلاهی بە تەسەوری من ڕەئیس، یەعنی ئەو تەسلیم بوونەی بەرەئی من بەهۆی ئەوە بوو تەخدیر کرابوو، دەنا من شەخسییەن، تەوەقوعم نەدەکرد خۆی تەسلیم بکا بەبێ کوشتن.

*** هیچ کوری دیکەی ماوە بێجگە لە عەلی؟**

– نەخێر هەرسێ کوڕی هەبوو، ڕەنگە لەوێ هەبووبن.

*** کە سەددام حسێنت دەدیت هەستتدەکرد ئەو کابرایە ترسنۆکە یان ئازایە؟**

– سەددام حوسێن ترسنۆك نەبوو، پیاوێکی ڕەشیدە، قەت ئینکاری لەوە ناکرێ. بەڵام پیاوەك بوو دەیویست پیاوەکی عەزیم بی، با یەك لەو نموونانەت لەبۆ بڕێم، حافز ئەسەد کە ڕەئیس جمهوری سوریا بوو یەك جار هاتە بەغدایێ قەول بوو ڕێککەوتنێك ببی، لەفڕۆکەخانە سەددام ئیستقبالی کرد، حافز ئەسەد کە هاتیتە خوارێ وەکو ئیحتیرام سەری دانەواندووە، سەددامیش زۆر شەقاوانی ڕاوەستا بوو لەو کاتە